تەنها بیستویەک گرامە! کێشی ژیان

# تەنها بیستویەک گرامە! کێشی ژیان

بەختیار کەریم



بەرلەوەی لافاو ئەو چوڵ و بیابانە بەرفراوانە پڕبکاتەوە و ئەو دەریا زەبەلاحە سامناکە دروست بکات، جوتێک عاشق بەخۆیان و دەستارەکەیانەوە سەرقاڵی هاڕینی خوێی زبر بوون... عەشق و نیگا سەرمەست و نغرۆی جیهانی خەونی یاساغ و پڕ سەرکەشی کردبوون، بێئاگا لە ڕەهێڵە و لێزمەی باران ئاوێزانی یەکدی دەبوون، باران تەڕی دەکردن و بە ماچ یەکدیان وشکدەکردەوە.. دەستاڕیش هەر دەگەڕا. غەزەبی خوا لە شێوەی لافاودا بەسەریاندا هاژەی کرد و نوقمی نێو هەناوی تەڕ و قوڕاوی خۆی کردن، لەو سایەوە و تا ئێستاش بێباک لە غەزەبی خوا و دەریا هەر خەریکی هاڕینی (خوێ)ن و دەریا سوێر و سوێرتر دەکەن.

هەر کە دۆلکە ئاوە سوێرەکەی دەنا بەسەریەوە ئەو چیرۆکە سوێرەی دەگێڕایەوە، نە ڕۆژێک و نە دە لەگەڵ شکاندنی هەر تونێتیەکیدا ئەو چیرۆکەی دووبارە دەکردەوە، سەرنجی یەک بە یەکی ئێمەی دەدا و پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی بەو مێشکە بچوکەی ئێمە دەهات کە جێگەی ئەو چیرۆکە ئەفسوناویانەی تێدا نابێتەوە. پاش تاوێک فرمێسک دەڕژایە نێو پانتایی سپێنە زەردهەڵگەڕاوەکانی چاوانی، کە جگەرە ڕەنگیانی لە سپییەکی شیرییەوە گۆڕی بوو بۆ زەردێکی ئێجگار کاڵ، جگەرەیەکی ئەستوری پێدەکرد کە تەنها ئەو کاتانەی دڵی خۆش بوو بە پێچانەوەیانەوە خەریک دەبوو و بەشی چەند تاوێکی نیگەرانییان دەکرد. فرمێسکەکان دەتکانە سەر ڕوومەتی چرچی و لەوێوە بۆ

زەویەکەی بەردەمی دەکشان، هەندێک دڵۆپی بزێو دزەیان دەکردە دەمییەوە، بە تووڕەییەکی بێ ئامانەوە تفی دەکرنەوە، پێدەچوو ئەو دڵۆپە فرمێسکانە ئێجگار سوێر بن چونکە سەد ساڵی تەواو بوو چاوانی بە ئاوی ئەو دەریایە دەشوشت و ئاوی هەمان دەریای دەخواردەوە. چەند مژێکی خێراو قووڵی لە جگەرەکەی دەدا تا دووکەڵ ئاوێزانی ڕیشە سپیەکەی دەبوو، چیتر نەماندەتوانی ڕووخساری فرمێسکاوی لە پشت دووکەڵی ئەستوری جگەرەکەیەوە بەدی بکەین. پیاوەتییە دەستکردەکەی ناچاری دەکرد ڕووی لە ئێمە وەرگێڕێت چونکە ئێمە وەک یەک گاڵتەمان بە پێکەنین و گریانی دەهات و ڕێزمان لە دڵە پیرە ناسکەکەی نەدەگرت. بەرەو حەوشە سەرواڵاکەی ناوەڕاستی گەراجەکە دەچوو، نیگەرانی جەستەی دەهێنایە لەرزین و هێزێکی نەبڕاوەی لێدەخواست بۆ ڕاگرتنی جەستەی کەنەفتی لەسەر قاچە لەرزۆکەکانی. سەری بەرەو ئەو تۆزە ئاسمانە بڵند دەکرد کە لێوەی دیار بوو، چەند تفێکی خەستی ڕووەو ئاسمان فڕی دەدا و چەند جنێوێکی سوێری بەدوادا دەنارد.. کە ئێمە لێی تێنەدەگەیشتین ئەگەر یەکێک لە هاوسەفەرەکانمان کە زمانی ئەوی دەزانی پێی نەوتینایە چی دەڵێت. پاش ئەوەی جەنگ لەگەڵ ئاسماندا شەکەتی دەکرد ناچار بەرەو قوژبنە دێرینەکەی دەچوو، ئەو قوژبنەی کە نیشتیمانێکی بچکۆلەی ئەبەدی بوو بۆ ئەو. "بابۆ" هەمیشە بروسکە پڕ لە جنێوەکانی بەرەو ئاسمان ڕەوانە دەکرد، دەیگوت گوایە داوای گەڕانەوەی ڕەنگی ڕاستەقینەی پاییز دەکات. بابۆ پێی وابوو مرۆڤ دەبێت داوای گەورە و گرانی لە خودا هەبێت، نەک وەک ئێمە نەزان و نەفام بێت و بە هەموو شتێکی کەم ڕازی بێت یان لە هەمبەر هەموو گۆڕانێکی سروشتدا بێدەنگی بنوێنێت. بابۆ خودای لە تەنهایی دەریادا دۆرزیبوەوە، ئاخر تەنهایی دەریا لە هیچ کام لە تەنهاییەکانی تری سەر زەوی ناچێت، تەنهایی دەریا بێئومێدترین جۆری تەنهاییە.. لە دەریادا مرۆڤ کۆتایی شوێن و کات بەریدەکەوێت.. لە دەریادا ونبوونیش تام و ڕەنگی جیاوازە.. لە دەریادا دەروازەیەک نیە پێیدا گوزەرکەیت.. ئاسۆیەک نیە بە جێگەیەکی ترت بگەیەنێت.. ئەوەی هەیە و نییە دەریا و دەریایە. لە دەریادا تەنها خەونی گەورە دەتوانێت لە تەنهایی و ونبوونت قوتاربکات. بابۆ بەو خەونە ئیلاهیانە مانەوەی خۆی بۆ سەدەیەک لەسەر دەریا مسۆگەر کردبوو.

دوای سەدەیەک لە چاوەڕوانیی گەیشتنی ڕەسەنترین نەورەس، ئەو نەورەسەی لە نەوەی قەقنەسە جادوگەرەکانە، بابۆ هێشتا بە ئومێدی لاوێکی کاڵفامەوە سەمایەکی شێتانەی لە نێوەندی ئەو گەراجە و لەسەر ڕیتمی قیڕەی ناسازی نەورەسەکان دەکرد. بابۆ کە بە درێژایی سەدەیەک عەشقی لەگەڵ دەریا و نەورەسەکاندا دەکرد، ڕۆژێک سەوڵی بە پێچەوانەی شەپۆلەکانەوە لێنەدابوو تا سەفەرێکی ئاوی بکات، هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتبوو نەورەس ئاسا بفڕێت. تەنها خولیا و ئارەزووی گەیشتنی ئەو نامەیە بوو کە سەد ساڵە چاوەڕوانیەتی، جا ئیتر لە سەر باڵی نەورەس یان لەسەر ڕومای شەپۆل دەگات گرنگ ئەوەیە بگات. کە هەورێکی تەڵخ بەری ئاسمانی دەگرت و نەورەسەکانی لەو کەنار دەریایە تەرەدەکرد، بابۆ بروسکە پڕ لە جنێوەکانی ئاراستەی ئاسمان دەکرد، هەناسەکانی توند دەبوون و چرچ و لۆچە هاوشێوەکانی دەموچاوی لە چیرۆکی فڕین و نغرۆبوون زیاتر ئاماژەیان بۆ هیچی تر نەدەکرد. دەستی توڕەیی بە

ڕدێنە سپییەکەیدا دەهێنا و لە قوژبنێکی گەراجەکە دەخزا، ئارەزومەند بوو هەرچی زووترە تاریک دابێت تا زیاتر چاوی لە ئاسمانێکی بێ نەورەس نەبێت.

بابۆ پیرە پاسەوانی ئەو گەراجە بوو کە ئێمەی کۆچەری بۆ درێژەدان بە سەفەر و چاوەڕوانی هەڵماندبژاردبوو، سەفەر بەرەو کەناری ئاوە شیرینەکان و چاوەڕوانی گەیشتنی بەلەمی ئەفسوناوی. گەراجەکە ڕاست لەسەر کەناری دەریا بوو، تەنانەت هەندێک جار شەپۆلە زبرەکان خۆیان دەگەیاندە بن دەروازە فراوانەکە، وەلێ لەوێدا بڕشتیان لێدەبڕا و بۆ ساتێک پاشەکشەیەکی سەرکەوتوانەیان دەکرد، هەر ساتێک و بەس تا دیسان خۆیان بۆ هێرشێکی بەتینتر تاودەدا. تەواوی ئەو شارۆچکە دەریاییە بابۆیان دەناسی، وەک پیرترین مێژوونووسی شار ئاماژەیان بۆ دەکرد، ئەگەرچی بابۆ تا زۆریان بۆ نەهێنایە باسی مێژووی شاری نەدەکرد. هەندێک لە هەرزەکارە چوختیەکانی شار نامەیان لە شووشەی بەتاڵ دەنا و لە نزیک گەراجەکە دەیانهاویشتە دەریا، کاتێک بابۆ دەیبینی بۆ ساتێک وەک گوڵئەستێرە دەگەشایەوە، بەڵام کە نامەکەی دەردەهێنا لە کاغەزێکی بەتاڵ بەولاوە چیتری نەدەدی.. ئیتر تا ئاستی شەکەت بوون جنێوی دەدا. ئەو شارۆچکەیە بەندەرێکی ئێجگار بچوک بوو، دوو دەریای بەشەرهاتووی لەیەک جیادەکردەوە، خانوەکانی کە بە سەنگەر و مەتەرێز دەچوون، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت و بەردەوامدا بوون لەگەڵ شالاوی نەبڕاوەی شەپۆلە سەرکەشەکان، بەتایبەتی لە ڕۆژانی ڕەشەبادا دەریا دەبووە کۆمەڵێک شەپۆلی ڕاکردوو.. لە ماراسۆنێکی دڵڕەقدا ئاوڕشێنی ماڵە نزمەکانی ڕۆخی دەریایان دەکرد. لە ئەنجامی ئەو شەڕەی دەریا و شاردا کە کەس تێیدا براوە نەبوو هەموو شتێک تامی ئاوی دەریای دەدا، تامی هەموو شتێک بە ماچی کچە کورتەباڵا قەڵەوەکانیشەوە سوێر بوو.

لەگەڵ هەڵکردنی با ڕۆژئاواییەکاندا پۆلە نەورەسەکان پیاسەی دەریایی خۆیان دەهێنا بۆ ئەو قەراغ دەریایە و میلۆدی خۆیان لەگەڵ گڤەی با ساردەکاندا ڕێکدەخست. عەشقێکی ئەفسوناوی با و نەورەس و شەپۆلەکانی پێکەوە گرێدابوو، چونکە هەڵکردنی باکان ئاماژەبوو بۆ هاتنی نەورەسەکان و بە سەما کەوتنی دەریا، نە باکان بێ قیڕەی نەورەسەکان هەڵیاندەکرد و نە شەپۆلی دەریاش بەبێ لورە و گڤەی ڕەشەبا دەبزوا. بابۆ بە درێژایی تەمەنی هەوڵی دەدا ببێتە پنتی چوارەم لەو هاوکێشە سروشتیە سەرسوڕهێنەرەی ئێمەی کەڕوکاس کردبوو، تا دەهات وادەی سەفەرەکەمانی دوادەخست، بەهەڵکردنی باکان دڵە پیرەکەی بابۆ پڕ دەبوو لە خورپەی شیرین، قیڕەی نەورەسەکان لەبارترین گۆرانی و ئاواز بوون و بابۆیان دەهێنایە سەما و بە سەمفۆنیای نەدەگۆڕینەوە. لەگەڵ هەڵکردنی ئەو تۆفانەدا نەورەسەکان بەری ئەو ئاسمانە بچکۆلەی سەر گەراجە شورا پتەوەکەیان دەتەنی، لە هاتوچۆیەکی شێتانەدا و بەدەم گۆرانیەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ لەو بستە ئاسمانەدا نمایشی نیگەرانی خۆیان درێژە پێدەدا. ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی بەختی بابۆ بوون، بە هەوەسێکی هەرزەکارانەوە، بە گوڕوتینێکی گەنجانەوە دەچوە نێوەندی حەوشەی گەراجەکە و لەسەر ڕیتمی ناسازی قیڕەی نەورەسەکان سەمایەکی شێتانەی خواروخێچی دەکرد. ئەو

ئێوارەی نەورەس و با و شەپۆلانە نەک تەنها بابۆیان بەسەما دەهێنا بەڵکو ژیانی ئەویان چەندین دەیە دەگێڕایەوە دواوە.

"ماریا" بەپێچەوانەی بابۆوە قێزی لە نەورەسەکان دەهاتەوە و بە قیرەیان دەهری دەبوو، ماریا پێی وابوو ئەو نەورەسانە شوومن قیرەیان داد و فیغانە، نزا و پاڕانەوەیە لەدەست ئێمە کە نیشتمانەکەیانمان داگیرکردوە. هەندێک جار نەورەسەکان بەئەندازەیەک ماریایان توڕەدەکرد، بێهودە بەردی دەهاویشتنێ بەو هیوایەی لە ئاسمانی ئەو گەراجەیان تەرە بکات، پاشان لەگەڵ بابۆدا دەبووە شەڕیان، هەریەکەو بە زمانێکی جیاواز جنێوی بەوی دی دەدا، ئەگەرچی لەیەکتر تێنەدەگەیشتن بەڵام وەک دوو جنێوفرۆشی کارامە دەرفەتیان بەیەک دەداو گوێقوڵاخی یەکدی دەبوون.

دوا بەیانی ئەو بەیانیەی ڕۆژگاری بەختی بابۆ هاتبوە کۆتایی، ئەو پیرە پیاوەی کە لێوانلێو بوو لە نهێنی ڕەنگاوڕەنگ و لە دەنگی دێرین، گیرۆدەی بێدەنگیەکی خەمناک بوو. نەورەسەکان ئێوارەی ڕۆژی پێشو بەشی کۆتایی و حەسرەتباری نمایش و میلۆدیەکەیان لە نائامادەگی باکان و لە هێمنی دەریادا پێشکەش کردین، بابۆش هەرچی وزەی سەدەیەکی تەمەنی هەبوو لە سەمای ئەو ئێوارەیەدا بەفیرۆیدا و کەنەفتی نێو جێگا بوو. بابۆ ئەو بەیانیە جیاواز لە گشت بەیانیە دەریاییەکانی ژیانی دووچاری بێدەنگییەکی ئیلاهی بوو، بێدەنگییەک کە لە بێدەنگی خواکان دەچوو پاش ئەوەی لە نووسینەوەی کتێبە پیرۆزەکانیان دەبنەوە. لە قوژبی لای چەپی گەراجەکە بێ نوزە ڕاکشابوو تەنها قڵخەی سییە دوکەڵاویەکانی جار ناجارێک دریان بە بێدەنگیەکە دەدا. ئەو بەیانیە هەموومان بابۆمان خۆشویست، ڕاستە درەنگ بوو بۆ خۆشویستن زۆر درەنگ، بەڵام لەسەر گۆنای هەموومان تەنانەت دڵڕەقترین پیاوی نێو موسافیرەکان فرمێسک قەتیس مابوو، ئەو پیاوەی بە سەرسامییەوە وتی یەکەم جارە فرمێسک بە چاوەکانیدا گوزەرکەن بەرەو خوار. ئاسمانی بێ نەورەسی ئەو بەیانیە هێمنە تا دەهات ڕوون و ڕوونتر دەبوو، بابۆش زیاتر خۆی دەترنجاندە قوژبنە مێژووییکەی. ئەو بەیانیە بەیانی سەفەری ئێمە بوو بەرەو دەریا شیرینەکان لەسەر پشتی بەلەمی ئەفسوناوی و قوتاربوونمان بوو لە دەریا سوێرەکان. سەفەری دەریایی لە ڕۆژانی ڕەشەبا و لە ناو هەڵەکەسەمای شەپۆلی دەریادا کارێکی ترسناکە، دەریاوانە شارەزاکان پێیان دەوتین بەیانیەکی ئاوا هێمن باشترین ساتە بۆ سەفەرێکی ئاویی. ئەو بەیانیە ڕەشەبا تووڕەکان گەڕابوونەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان، نەورەسەکان ڕێچکەی سەفەرێکی ئاراستە نادیاریان هەڵگرتبوو، دەریا لە بزاوتن کەوتبوو کاتی ئەوە هاتبوو بەلەمە ئەفسوناویەکەمان بهاوینە نێو دەریا و سەوڵی بەختمان بخەینە کار. ئەو بەیانیە بۆ بابۆش بەیانی سەفەر بوو، سپێدەی سەفەری دەنگی بوو لە بێدەنگبووندا، کازیوەی سەفەری ڕەنگی بوو لە ڕەنگپەڕیندا، بەیانی سەفەری زیندەگی بوو لە سواربوونی بەلەمی مەرگدا، مەرگی پیاوێک کە دەریا ژیا و ڕازی نەبوو مەلەیەک بکات، نەورەس ژیا و ڕێگەی بەخۆی نەدا لە شەقەی باڵ بدات.

لە ترسی پاسەوانەکانی دەریا شیرینەکە کە ڕێگەیان بە گەرۆک و پەنابەری وەک ئێمە نەدەدا بە ئاشکرا ئاوەکانیان لێڵ بکەین، دەبوایە چاوەڕانی

تاریک داهاتن بین بۆ بزواندنی بەلەمەکەمان. هەمووومان بێدەنگ لە نمایشی پاڵەوانانەی مەرگی بابۆمان دەڕوانی، بەدرێژایی کات بابۆ نیگای ئاسمانی بێ نەورەسی دەکرد و ئێمەش لە ڕژانی ژیانی ئەومان دەڕوانی. ئێوارە ئەو ساتەی ڕۆژانێک بوو بە تاسەوە چاوارِوانیمان بۆ دەکێشا کزەبایەکی فێنک بۆ تاوێک نەورەسەکانی گێڕایەوە بۆ ئاسمانی ڕۆخی دەریا، وەلێ شەپۆلەکان نەبزوان.. دەریا لوتبەرزانە هێمنی ئەو ئێوارەیەی خۆی پاراست، با سامناکەکان لە هیچ کوێوە دیار نەبوون شمشاڵ بۆ نەورەسەکان بژەنن. نەورەسەکانی ئەو ئێوارەیە ڕەنگیان جیاواز بوو لە نەورەسەکانی ڕۆژانی پێشوو، وەک بابۆ بێدەنگ.. وەک کۆمەڵە نەورەسێکی لاڵ بێ قیرە، پیاسەیەکی سستی خەمناکیان دەکرد، پێدەچوو ئەو مەلانە ڕۆحی بابۆ بن لە چاوانیەوە فڕیبنە ئەو ئاسمانە بەرتەسکەی نیگانی ئێمە و داد و فیغانیان بوو بێت لە درێژی هەناسەکانی چاوەڕوانی و بارگرانی ئومێدە ناکامەکانی ئەو پیرە پیاوە.

بڕوانن ژیان بەو درێژییەی خۆیەوە کێشی تەنها بیستویەک گرامە، بیستویەک گرام و هیچی تر، ئەوەندەی ڕیقنەی نەورەسێکە قورسایی زیندەگی، هەر بەقەد مشتێک ڕەشەبای بزێوە یان دەمێک ئاوی بێئۆقرە، بەڵێ ژیان تەنها بیستویەک گرامە. بابۆ یان هەر یەک لە ئێمە کە دەمرین تەنها بیستویەک گرام کەم دەکەین، ئەمە حەقیقەتێکی زانستیە، بەڵام مەرگی بابۆ بیستویەک گرامی لە قورسایی خەمی کەسمان زیاد نەکرد، ئەو تەنها بیستویەک گرامی کەمکرد و هیچی تر.

زستانی 2000
ئیتالیا